**ئاستین کلاین**

# سیکۆلاریزم بەزمانی سادە
# عەلمانیەت
# Secularism

**وەرگێڕانی:**

**کاوسێن بابەکر**

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

**سیکۆلاریزم بەزمانی سادە – عەلمانیەت**

**ئاستین کلاین**

**وەرگێڕانی بۆ فارسی: ئەمیر غولامی**

**وەرگێڕانی:  کاوسێن بابەکر**

**بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

**سلێمانی ـ ٢٠١١**

**ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**

**() ساڵی ٢٠١١**

**لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە**

**دیزاین: ئەمیرە عومەر**

**تایپ: ڕێناس طارق**

**تیراژ: (٤٠٠٠)**

**ژمارەی  زنجیرە: (٢٤ )**

**ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران**

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی رۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەلایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابینكردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لە بوارە هەمەجۆرەكاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

## پێشەکی وەرگێر

سیكۆلاریزم "عەلمانیەت" دیاردەیەكی تازەیەو بۆ یەكەم جار لەلایەن (جۆرج یاكوب هالی ئۆك)ی ئینگلیزی لەساڵی ١٨٦٤دا بەكارهات. زۆر لێكدانەوەی جۆر بەجۆری بۆ كراوە، جارێك بەدژی ئاینو بەبێ دینیو هێندێك كەسی تریش بەلایەنگری ئاینی كریستیانیو هەشن پێیان وایە دەكرێ سیكۆلاریزمو ئاینەكان پێكەوە هەڵكەن. ئەم بابەتە بەزمانێكی سادەو رەوان هەموو پێناسەكانی سیكۆلاریزم



لەچەندین روانگەو باوەڕی جیاجیاوە شیدەكاتەوە. بۆ كۆمەڵگای ئێمە، ئەم ناوە هەر زۆر تازەیە، بەڵام زۆر پێویستە زانیاری زیاترمان هەبێ،لەكاتێكدا ئێمە لەكۆمەڵگایەكدا دەژین زۆر بەتوندیو فراوانی بەئاین بارگاویەو بەتایبەت، ئاینی ئیسلام باڵی بەسەر سەرجەم كەناڵەكانی ژیانی گشتیو تایبەتی مرۆڤەكاندا گرتووە، بەسەرجەم مەزهەبەكانیەوە، تەنانەت چووەتە ناو بەرنامەو سیاسەتی پارتە سیكۆلارەكانیشەوە. جگەلەوەی چەندین حزبو لایەنی ئیسلامی لەمەیدانەكەدا چالاكییان هەیە، بۆیە قسە كردن لەسەر سیكۆلاریزمو هەڵسەنگاندنی ئەم دیاردەیە زۆر گرنگە. لەم نوسینەدا دەردەكەوێ كە سیكۆلاریزم دوورە لەبێ دینیو یان دژایەتی كردنی ئاینەكان. بەڵام دژی هەر خۆسەپاندنێكی ئاینیە، واتا سیكۆلاریزم، كەشێك دەخوڵقێنێ كە ئاینو بێ دینی پێكەوە هەڵبكەنو بیروباوەڕەكان بەتەواوی ئازاد بنو هیچ

ئاینێك نەخرێتە پێش ئاینێكی ترو رێز لەسەرجەم ئاینو مەزهەبەكان وەك یەك بگیرێ. ئاین وەك كارێكی شەخسی سەیر بكرێو ئاینو دەوڵەت، ئاین وسەرجەم بوارەكانی ژیان دووربن لە هەژموونی رێساو دابو نەریتی ئاینی، كاریگەری سیكۆلاریزمو سیكۆلاریزاسیۆن لەسەر ئەنجامی ئەو دەستێوەردانانەدا هات كە ئاینی كریستیانی لەسەدەكانی ناوەڕاستدا دەیكردو هەر لەوەرگرتنی باجو سەرانەیەكی زۆر لەخەڵكو دەست بەسەرداگرتنی زەویو زارێكی بێ ئەندازەو تا گەیشتە فرۆشتنی زەوی بەهەشت بەناوی (پسوڵەی لێبوردن)و خەڵكی بێزار كردبوو. سیكۆلاریزم گەڕانەوەیە بۆ عەقڵی مرۆڤ خۆیو بەڕێوەبردنی ژیانی دونیاییو خۆشكردنی ئەم ژیانە دونیاییە. دوور لەهەژموونی ئاینو مەزهەبەكان. كتێبخانەی كوردی زۆر هەژارە لەو بارەوە.هیوادارم، ئەم نوسینە كورتە جێگەی رەزامەندی ئێوە خوێنەرانی خۆشەویست بێتو نوسینو بابەتی



تری بەدوا دابێو ئاسۆی بیرمان دەربارەی سیكۆلاریزمو سیكۆلاریزاسیۆن فراوانتربكات و بۆشاییەك هەرچەند كەمیش بێ لەكتێبخانەی كوردی پڕ بكاتەوە.

وەرگێڕ

# سیکۆلاریزم

## پوختە :

سیکۆلاریزم (secularism) بەشێوەیەکی گشتی بەمانای ڕێگری کردن لەدەستێوەردانی ئاین لەسەرجەم کاروباری کۆمەڵ دێت. ئەو بیرکردنەوەیە بەشێوەیەکی گشتی، ڕەگەکانی بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری درێژ دەبێتەوە. لەکاتێکدا کە دەستەواژەی سیکۆلاریزم لەبواری جیاجیادا بەکار دەبرێ، ماناکەی بەپێی جۆری بەکاربردنەکە دەگۆڕدرێ. فەلسەفەی سیکۆلاریزم لەسەر ئەو بناغەیە ڕۆنراوە کە ژیان بەلەبەرچاو



گرتنی بەهاکان قبوڵکراوەو دونیا بەکەڵك وەرگرتن لەبەڵگەو لۆژیك، بەبێ کەڵك وەرگرتن لەپێناسەکانی وەك خودا یان خودایان وەیا هەر هێزێکی سەروی سروشتی چاکتر دەتوانرێ ڕوونبکرێتەوە.

لەحکومەتدا مانای سیکۆلاریزم، دەستێوەرنەدانی بیرو باوەڕوبۆچوونەکانی ئایینە لەکاروباری دەوڵەت و بەهەند وەرگرتنی بنچینەکانی مافی مرۆڤە لەبەرانبەر سەرجەم بەهاکانی هەر گروپو دەستەیەکدا.

لەچەمکەکانی کۆمەڵناسیدا، سیکۆلاریزم بەو دۆخە دەگوترێ کە کۆمەڵ چەمکی ئاینی لەبەرنامەکانی خۆیدا کەمتر بێنێتە ناوێ، یاخود ئەو چەمکانە کەمتر ببنە هۆی، سەرهەڵدانی کێشەو پێکداپژان.

ووشەی سیکۆلاریزم لەزمانی لاتیندا بەمانای (ئەم جیهانییە) (دونیایی) (گێتیانە)و پێچەوانەیە بەرانبەر بە(ئاینی) یان (ڕوحانی). لەئەمرۆدا کاتێك

لەسیکۆلاریزم وەك یەك بیروباوەڕ "دیکترین" قسە دەکرێ، بەگشتی مەبەست لەهەر فەلسەفەیەکە، کە ئەخلاق بەبێ گەڕانەوە بۆبیرو باوەڕە (دۆگمەکانی) ئاینی پەروەردە دەکاتو عەودالی گەشەپێدانی زانستو هونەری مرۆڤایەتیە.

سیکۆلاریزم یەکێکە لەگرنگترین دیاردەکانی جیهانی ڕۆژئاوا. کاریگەریو توانای فراوانی سیکۆلاریزم، نە تەنها ڕۆژاوای ئەمڕۆی لەسەدەکانی ناوەڕاست جودا کردۆتەوە، بەڵکو ئەوی لەقوتابخانە کەلتوریە جیهانیەکانیش جیاکردۆتەوە. ڕۆژئاوای ئەمڕۆ بەگشتی بەهۆی پەیدابوونی بزوتنەوەی سیکۆلاریزم بەپلەی ئێستای گەیشتووە، لەروانگەی هێندێکانەوە ئەو خاڵە بەڵگەی ستایشو پێدا هەڵدانی سیکۆلاریزمە، وە بۆ هێندێکیکەش بەڵگەی دوژمنایەتی کردنە.



بابزانین، سیکۆلاریزم چییە؟ وە لەکوێوە هاتووە؟ بۆچی روانگەی سیکۆلار لەکۆمەڵگاو کەلتوری ڕۆژئاوادا سەری هەڵداوە نەك لەشوێنەکانی تری جیهان؟ چەند پێویستە شارەزایی زیاتر لەمێژووو سروشتی سیکۆلاریزم هەبێ، تا یارمەتی دەربێ ڕۆڵو کاریگەری ئەو لەسەر کۆمەڵگای ئەمرۆ باشتر تێبگەین. بەبێ هەبوونی تێگەیشتنێکی دروست لەسیکۆلاریزم، نە بەرگری لێکردنی بەهیچ شوێنێکمان دەگەیەنێ ، نەبەگژداچوونەوەی.

# پێناسەی سیکۆلاریزم

★ (ریشەکانی ووشەی سیکۆلاریزم لەبەرهەمەکانی جۆرج یاکوب هالی ئۆك)دا

★ ریشە ئایینیەکانی سیکۆلاریزم (سیکۆلاریزم وەك شانازی باوەڕو ئەزموونی کریستیانی)

★ سیکۆلاریزم وەك فەلسەفەیەك (سیکۆلاریزم تەنها نەبوونی ئاین نیە)

★ سیکۆلاریزم وەك جووڵانەوەیەکی سیاسییو کۆمەڵایەتی (پەیداکردنی زەمینەیەکی سەربەخۆ لەئاین)

★ سیکۆلاریزمو سیکۆلاریزاسیۆن (وەلانانی ئاین لەدامەزراوە سیاسیو کومەڵایەتیەکان)دا.



★ ئاین لەکۆمەڵگای سیکۆلاردا (ئاین دەتوانێ چ رۆڵێك یان چ پایەیەکی هەبێ؟)

★ رەخنەگرانی سیکۆلاریزم (بۆچی هەمووان سیکۆلاریزمیان خۆشناوێ؟)

## ریشەی سیکۆلاریزم
## لەبەرهەمەکانی جۆرج یاکوب هالی ئۆکدا :

سەرەڕای گرنگی سیکۆلاریزم، هاوڕایی تەواو لەسەر ماناکەی نییە. بەشێك لەو مەسەلەیە بەو هۆیەوەیە کە چەمکی "سیکۆلار" دەتوانرێ بەمانای جۆراو جۆر بەکاربرێ. بەشێوەیەك کە ئەو مانایانە لێکترەوە نزیك بن، بەڵام جیاوازیەکانیان بەئەندازەیەکە کە تێگەیشتن لەمەبەستی سکیۆلاریزم دژوار دەبێ.

ووشەی سیکۆلار لەزمانی لاتینیدا بەمانای "ئەو جیهانیە"، "دونیایی" "گێتیانە"و دژو بەرانبەر بە"ئاینی"، یان "روحانی"ە. لەئیمرۆدا کاتێك

لەسکۆلاریزم وەك یەك بیروباوەڕو ڕێباز قسە دەكرێ، بەگشتی مەبەست لەهەر فەلسەفەیەكە، كە ئەخلاق بەبێ گەڕانەوە بۆ ووردەكارییەكانی باوەڕە ئاینیەكان (dogma) پەروەردە دەكرێو عەودالّی زانستو هونەری مرۆڤایەتیە.

یەكەمین كەس كە ووشەی سیكۆلاریزمی بەكارهێنا، جۆرج یاكوب هالی ئۆكی ئینگلیزی بوو. هالی ئۆك لەسالّی ١٨٦٤ "سیكۆلاریزمی" بۆ باسكردنی "باوەڕێك بەكارهێنا كە بەتەواوی پرسو جۆی مەسەلەیەكی دەكرد كە مەحەكی ئەزموونی ژیانی ئەو جیهانیە تاقی كاریەن" (سیكۆرلاریزمی ئینگلیزی، لا٦٠). هالی ئۆك ریفۆرمیستێكی سۆسیالیست بوو كە لەو باوەڕەدا بوو دەولّەت دەبێ لەخزمەتی بەدەستهێنانی ئامانجە هەنوكەییەكانی چینی كرێكارانو هەژاران دا بێ، نەك ئامانجەكانی ژیانی دواییو روحی مرۆڤەكان.



هەروەك لەگواستنەوەی ئەو گوتەیەی سەرەوە ئاشكرا دیارە، بەكارهێنانی سەرەتایی ووشەی سیكۆلاریزمە كە دژایەتیەكی راستو رەوانی بەرانبەر بەئاین تێدا نیە، بەلّكو ئاماژەی ئەو بۆ ئەو بیرە بوو كە كاری سەرەكی دەولّەت دەبێ، لەسەر ژیانی ئەو دونیایەی مرۆڤەكان بێ نەك ختوكەی ژیانی دوایی ئەوان. ئەو بیرە لەراستیدا لەگەلّ زۆر لەبیروباوەڕەكان لەوانە كریستیانی سەردەمی هالی ئۆك گونجاو نەبوو بەلاّم بەزەرورەت هەموو سیستەمەكانی بیروباوەڕە ئاینیەكانی رەت نەدەكردەوە.

دواتر هالی ئۆك پێناسەیەكی روونتری بۆ ووشەی داهێنراوی خۆی خستە ڕوو: سیكۆلاریزم بەدوای پێشكەوتنی فیزیكی، ئەخلاقیو فكری مرۆڤ تا بالاّ سەركەوتوە. ئەم پێشكەوتنە ئامانجی بنەڕەتی ژیانەو بریتیە لەكاملّبونی بەكردەوەی ئەخلاقی سروشتی،

جودایی لەبێ خودایی. تیۆئیسم (خودا باوەڕی) یان ئینجیل، بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ شکڵو شێوازی ماددی دەگرێتە بەر، ئەو ڕێککەوتنانە بەزەمینەی دروستکردنی یەکێتی هەژمار دەکات. یەکێتیەك کە دەشێ ژیان بەژێری دەوڵەمەند بکەینو خزمەتی شایستە بکەین. دەبینین کە پێداگری ئەو دووبارە لەسەر سەرچاوە ماددیەکانی ئەو جیهانەیە نەك کاروباری نا ماددی، ڕوحانی، یان دونیای دوایی. لەگەڵ ئەوەشدا لەدەربڕینەکانی ئەودا ئاماژەیەك بۆ ڕەتکردنەوەی ئاین نابینین. چەمکی سیکۆلاریزم سەرەتا وەك فەلسەفەیەکی نا ئاینی (نەك دژی ئاینی) هاتەگۆڕێ کە بەچڕی ڕووی لەئامانجو مەسەلەکانی ژیانی ئەم جیهانەی مرۆڤە، نەك ئامانجو دڵەڕاوکێکانی ژیانی گریمانەیی دونیای دوای مردن. بەڵام فەلسەفەی ماتریالیستیشیان بەسیکۆلاریزم ناو هێناوە.



فەلسەفەیەك کە هەم کەرەستەکانی باشکردنی ژیانو هەم سروشتی جیهان بەمادی بزانن.

ئەمڕۆ بەگشتی ئەو جۆرە فەلسەفەیە بەئۆمانیزم (مرۆڤگەرایی) یان ئۆمانیزمی سیکۆلار ناسراوە،و سیکۆلاریزم، بەلانی کەمەوە لەزانستی ئینسانی، مانای زۆر سنوردارتری دراوەتێ. مانای یەکەمی"سیکۆلار" زۆرترینو گرنگترین مانای" کاروباری نا ئاینیی"ە.

لەو بەکارهێنانەدا، هەندێك کار دەتوانرێ بەسیکۆلار دابنرێ کە دونیاییو مەدەنین. لەمانای دووەمدا، بەو کارانە سیکۆلار دەگوترێ کە بەرانبەر بەکاری پیرۆز، پاكو سنور نەشکاو بێ. لەو بەکارهێنانەدا دەتوانرێ شتێك بەسیکۆلار ناوببرێ کە جێگای پەرەستنو بەرێزو پیرۆز دانەنرابێ، بەڵکو شایانی رەخنەو دادگاییو پشکنین بێ.

# ریشە ئاینیەکانی سیکۆلاریزم

## سیکۆلاریزم وەك بڵاوکردنەوەی شانازی باوەڕ و ئەزمونی کریستیانی

لەکاتێکدا ئەمڕۆ سیکۆلاریزم بەرانبەر بەئاین دێتە گۆڕێ، رەنگە زۆر کەس نەزانن کە سیکۆلاریزم لەسەرەتادا لەمەیدانی ئاینیدا پەیدابووە. ئەو بابەتە هەروەها دەتوانێ بۆ زۆر لەبونگەرایان کە بڵاوبوونەوەی سیکۆلاریزم لەجیهانی مۆدێرندا ناشیرین دەکەن سەر سوڕهێنەربێ.

لەراستیدا دەتوانرێ رەگەکانی جیاوازی نێوان دنیایی و مەعنەوی لەکتێبی (ئینجیل لەسەردەمی نوێدا) ببینرێ. لەو کتێبەدا ئامۆژگاریەك لەعیسا



دەگێڕێتەوە کە دەڵێ :"کارەکانی سزار بەسزارو کارەکانی خودا بەخودا بسپێرە". دواتر ئۆگۆستینی قەدیس کە لەگەورەترین خواناسانی کریستیانی بوو، جیاوازی هونەری تری لەنێوان ئەو دوو سنوورەدا دیاری کرد. ئەو نێوانی دوو شاری جیاکردەوە: یەکێك شاری دونیا (civitas terrenae)و ئەویدی شاری خودا (civitas dei).

ئۆگۆستین "شاری دونیا" و "شاری خودا"ی بۆ رونکردنەوەی مەبەستی خودا لەگەشەکردنی مێژوویی مرۆڤ بەکارهێنا، بەڵام کەسانی تر لەو دوو چەمکە بۆ مەبەستی بنەڕەتی تر کەڵکیان وەرگرت. هێندێك کە بەدوای رێگایەکەوە بوون بۆ ئاڕاستەکردنی (سیستەمی پاپایی) گووتیان کە: رێکخستنی کاسۆلیك هەر ئەو "شاری دونیا"یەیە، لەبەر ئەوە دەوڵەتانی مەدەنی دەبێ بەرانبەر بەسیستەمی کڵێسایی بەوەفابن. هێندێکی تر کە بەدوای ئاڕاستەکردنی (سەربەخۆیی

دەوڵەت لەدەستەڵاتی کڵێسا)وە بوون گوتیان: چەمکەکانی ئۆگۆستینی شاری خوداو شاری دونیا، نیشانەی گرنگی رۆڵی شاری دونیان. بەڵام لەئەنجامدا ئەو بەرگریەی ئیلاهیاتی لەسیستەمی مەدەنی، سەربەخۆ لەکڵێسا بوو کە، زاڵبوونی بەدەستهێنا.

لەئەوروپای سەدەی ناوەڕاستدا، بەگشتی ووشەی لاتینی (saecularis) بۆ وەسفی "رۆژگاری ئێستا" بەکاردەهێنرا، هەروەها بەروحانیەکانی کە سوێندی رەهبانیان نەخواردبوو سیکۆلاریان پێدەگوتن. ئەو روحانیانە کە لەجیاتی پێشگرتن بەگۆشەگیری راهیبانە سەرقاڵی "دونیایی"یان هەڵبژارد بوو سیکۆلاریان پێ دەگوتن.

باوەڕەکە وابوو چونکە ئەو روحانیانە "لەدونیادا" کاردەکەن، ناتوانن هۆکاری هەبوونی ستانداردی بەرزی ئەخلاق‌و کاری تاك بن. چونکە ئەو کەسانە "دونیا" یان هەڵبژارد بوو، ئەوانیان بەخاڵی لەدڵسۆزی رەها



دەزانی کە لەروحانیانی پلە بەرز چاوەڕوان دەکرا. بەڵام کەسانێك کە سوێندی رەهبانیان دەخوارد، لەتوانایاندا بوو دەستیان بەستانداردی جێگەی مەبەست رابگات. بەو هۆیە لەسیستەمی چەند چینی کڵێسادا نا ئاسایی نەبوو کە روحانیانی سیکۆلار (saecularis) تا ئەندازەیەك بەچاوی سوکەوە سەیربکرێن.

تێبینی دەکەین کە رێکخستنەکانی کڵێسا تەنانەت لەسەدەکانی سەرەتای کریستانیش لەنێوان سیستەمی ئاینیی( پوخت) و سیستەمی ئاینیی (کەمتر پوخت)و کۆمەڵایەتی‌و دونیایی جیاوازیان دادەنا. ئەو جیاوازی دانانە دواتر بوو بەهۆی جیاوازی دانانێك کە روحانیەکان لەنێوان باوەڕی ئاینیی‌و مەعریفەتدا وە لەنیوان ئیلاهیاتی سروشی (وە حیانی)و ئیلاهیاتی سروشتیدا دایان دەنا.

باوەڕی ئاینییو سروش لە زەمانی زوو بەمولکی ڕەهای کڵێسا هەژمار دەکران، بەڵام بەتێپەڕینی ڕۆژگار، هێندێك لەخوداناسان، بەڵگەیان هێنایەوە کە قەڵەمڕەوی جیاواز لەمەعریفەت هەیە کە بەئەقلی مرۆڤەوە پەیوەستە. بەو شێوەیە ئەوان بیرۆکەی ئیلاهیاتی سروشتیان هێنایە گۆڕێ. لەئیلاهیاتی سروشتیدا، مەعریفەت دەربارەی خودا نەتەنها دەتوانرێ لەڕێگای باوەڕی ئاینیو سروشەوە بەدەست بهێنرێت، بەڵکو ئەقلی مرۆڤ دەتوانێ بەسەیرکردنو ڕامان لەسروشت بەو مەعریفەتە ئیلاهیە بگات.

لەکۆندا لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو دوو قەڵەمڕەوەی مەعریفەیە، یانی ئەقڵو سروش، ڕایەڵەی یەکێتیەك پێکدەهێنن. بەڵام ئەو یەکێتیە زۆری پێنەچوو. وردە وردە هێندێك لەخوداناسان، کە گرنگترینیان (دنوس ئەسکوتس)و (ویلیام ئۆکامی) بوون، گوتیان کە هەموو بیروباوەڕی کریستیانی لەسەر سروش ڕۆنراوەو بەو



هۆیەشەوە پڕە لەناکۆکی کە ئەقلی مرۆڤ سەرگەردان دەکات. ئەو خوداناسانە بەو ئەنجامە گەیشتن کە ئەقڵی مرۆڤو باوەڕی ئاینیی سروشی لەکۆتاییدا لەگەڵ یەکتر سازگار نین. ئەقڵی مرۆڤ دەبێ لەچوار چێوەی ئەزموون بەتێڕوانینی ماددیانە کار بکات. ئەگەرچی دەکرێ ئەقڵ لەهەوڵەکانیدا بەهەمان ئەنجام بگات کە باوەڕی ئاینیو ڕامان لەسروشی سەرو سروشتی پێی دەگەن، بەڵام ناتوانرێ ئەقڵو سروش پێکەوە لەسیستەمێکی لێکۆڵینەوەدا یەکبگرن. باوەڕی ئاینی ناتوانێ بناغەی ئەقل بێ، هەروەك چۆن ئەقڵیش ناتوانێ بناغەی باوەڕی ئاینی بێ.

بەڵام هەنگاوی کۆتایی بەرەو سیکۆلاریزم، ئەرکی سیکۆلاریزمەکانی دژی کریستیانی نەبوو، بەڵکو ئەرکی کریستیانیانی باوەڕدار بوو کە بەدەست وێرانیەکان کە بەهۆی جەنگە ئاینیەکانەوە پەیدابوو بوو بێزار بوو بوون. لەکاتی ریفۆرمی ئاینیدا (ریفۆرماسیون) جەنگی

زۆر بەرپابوون لەسەر ئەوەی ئاخۆ باوەڕی راستەقینەی ئاینی چیە؟ جەنگێك کە سەرانسەری ئەوروپای گرتەوە. لەولاتە پرۆتستانیەکاندا، ریفۆرمی ئاینی سەرەتا هەوڵێك بوو بۆ جێبەجێکردنی رێوشوێنی کۆمەلایەتی ئاینی لەلای زۆربەیەکی فراوانتر لەچین‌و توێژە کۆمەلایەتیە سیاسیەکان، بەڵام ئەو هەوڵە بەهۆی لێکجیابونەوەی نێوان گروپە کریستیانیەکان بێ ئاکام بوو.

لەئەنجامەدا خەڵك بەوە گەیشتن کە رێگای خۆپاراستن لەجەنگ‌و شەڕو شۆڕ بگرنەبەر. بەرهەمەکەی ئەوە بوو کە پەیوەندی ڕاستەخۆو ئاشکرا بە بیروباوەڕی تایبەتی کریستیانی لەکزی بداو تەنها لایەنی گشتی ترو ئەفلانی تری کریستیانی پشتگیری کرا. ئەو پرۆسەیە لەلای گەلانی کاسۆلیك هێندێك جیاواز بوو. چونکە کلێسای کاسۆلیك هەموویان ناچار دەکردن بێ ئەملاو ئەولا پەیڕەوی



رێکخستنەکانی کلێسای کاسۆلیکی رۆحی بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کاسۆلیکەکان هێندێك تامی ئازادیە سیاسیەکانیان چەشت.

ئەو پرۆسەیە وردە وردە بەپوکانەوەی هەرچی زۆرتری دەستەلاتی کلێسا لەکاروباری سیاسیدا شکایەوە. خەڵك تێگەیشت کە دەتوانن بۆ کاروبارو بیرکردنەوەکانیان قەڵەمڕەوێکیان هەبێ، بەتاڵ بێ لەدەسەلاتی کلێسا. ئەو رێبازە دیسان جودایی زیاتری نێوان کلێساو دەوڵەتی لێکەوتەوە. بەشێوەیەك کە ئەو جوداییەی قەڵەمڕەوی ئاین‌و دەوڵەت لە□ولاتەکانی پرۆتستانتیش پێشی پێگیرا. لەبەر سروشتی کلێسای کاسۆلیك، کورتکردنەوەی دەستی ئەو کلێسایە لەکاروباری گشتی دا لەگەڵ گۆڕانکاری کۆمەلایەتی کەم وێنە دا هاورێ بوو، کە نمونەی دیاری ئەوگۆڕانکاریانە، شۆڕشی گەورەی فەرنسابوو لەساڵی ١٧٨٩دا. شۆڕشێك کە دوای هەورازو نشێوی زۆر، لەئەنجامدا لەساڵی

١٩٠٥ بە قانونی لائیسیتە، یانی جودایی تەواوی ئاینو دەوڵەتی لێکەوتەوە.

هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی باوەڕی ئاینیو ئەقل، بە شێوازی جیاجیا لەمەعریفە، نەك لایەنە جیاوازەکانی یەك مەعریفە، بەزەوقی خاوەن کڵێساکان نەبوو. لەلایەکی ترەوە، کڵێسا لەگەشە کردنی بیری ئەقڵگەرایانە لەفەلسەفەو ئیلاهیات زۆر نارەحەت بوو، چونکە بزوتنەوەی ئەقلانی بۆ دیاریکردنی ڕاستو هەڵە، ئەقلی مرۆڤی بەسەرچاوە دادەنا. لەبەر ئەوە کڵێسا لەجیاتی قبوڵکردنی جودایی خۆی لەکاروباری مەدەنی، دەستی کرد بە سەرکوتکردنی ئەو بیرانە. بەو هیوایەی باڵادەستی بیروباوەڕی ئاینی بە سەر ئەقڵدا بپارێزێ. بیروباوەرێکی ئاینی کە بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست بووبووبە ڕۆژگاری بەرزو دیاری کریستیانیان و بیرو باوەڕە ئەقلانیەکانی لەژێر چەپۆکی خۆیدا هێشتبۆ وە.



# سیکۆلاریزم وەك فەلسەفە

## ( سیکۆلاریزم تەنها بێ ئاینی نییە )

ئەگەرچی مانایەکی سیکۆلاریزم لاوازکردنی ئاینە لەچوارچێوەی کاروباری مەدەنیدا، بەڵام بە زۆری ئەویان وەك سیستەمێکی فەلسەفیش ناسیوە کە پەیامی کەسی، سیاسی، کەلتوری تایبەتی خۆی هەیە. سیکۆلاریزم وەك یەك فەلسەفە، تا ڕادەیەك لەگەڵ سیکۆلاریزم وەك یەك دیاردەی کۆمەڵایەتی جیاوازی هەیە. بابزانین سیکۆلاریزم چ جۆرە فەلسەفەیەکە؟

فەلسەفەی سیکۆلاریزم، بەشێوازی جۆراوجۆر شیکراوەتەوە کە هەڵبەتە هەموویان لێکچوونی گرنگیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. (جۆرج یاکوب هالی

ئۆك) داهێنەری ووشەی سیكۆلاریزم، مانا فەلسەفیەكەی بەروونترین شێوە لەكتێبی سیكۆلاریزمی ئینگلیزیدا ئاوا ڕونكردۆتەوە:

سیكۆلاریزم سیستەمێكی ئەركە پەیوەندیدارەكانی ژیانی دونیایی یە. سیستەمێك كە لەسەر بنچینەی تێبینی یە تەواو مرۆڤایەتیەكان بێت، وە بەشێوەیەكی گشتی كەسانێك ئەو بیروباوەرە هەڵدەبژێرن كە ئیلاهیات، بە نارۆشن، ناتەواو، یان باوەڕ نەكردەنی دەبینن. میتۆدی بنەڕەتی سیكۆلاریزم بەو شێوەیەیە:

- باشكردنی ژیانی دونیایی بەهۆی كەرەستە ماددیەكان،
- زانست موعجیزەی زیندوو و ئامادەی ئەم دونیایەیە،
- سود لەچاكە كردندایە. سوودی دونیای ئەودیو هەبێ یان نەبێ گرنگ نیە،



- چاكەكردن لەم دونیایەداو بەدواداچوونی ئەو چاكەیە، بەسودە.

(رۆبەرت گرین ئینگرسۆل)وتار بێژو ئازادبیری ئەمریكایی، سیكۆلاریزم ئاوا پێناسە دەكات:

سیكۆلاریزم ئاینی مرۆڤایەتیە، گرنگی بەكاروباری دونیایی دەدات، هۆگری هەرشتێكە كە بەختیاریو خۆشگوزەرانی دونیایی بەدی بێنێ. سەرنجی ئێمە بۆ ئەستێرەیەكی تایبەت رادەكێشێ كە ژیانی لەسەر پەیدابووە، ئەوە بەو مانایەیە كە هەر تاكێك بەهای خۆی هەیە، سیكۆلاریزم راگەیاندراوێكی سەربەخۆیی فكریە، كورسیەكی خوێندنی پێ باشترە لەمینبەر، دەڵێ ئەوانەی رەنج دەدەن دەبێ گەنج بەدەستبێننو ئەوانەی زێڕ كۆ دەكەنەوەو هەڵی دەگرن دەبێ بەند بكرێن. نارەزاییەكە دژی سەرەڕۆیی كڵێساكان، دژی نۆكەریو كۆیلەتی تارماییەكان یان كاهینان. سیكۆلاریزم راپەڕینێكە دژی خراپی ئەم ژیانە كە

خراوەتە پێناو ژیانێکی تر کە هیچی لەبارەوە نازانین. سیکۆلاریزم دەیەوێ خودایان خەریکی کاری خۆیان بن. هەتاکو ئێمە بۆ خۆمان‌و مرۆڤەکانی تر بژین، بۆ ئێستا نەك رابردوو بۆ ئەم دونیایە نەك دونیای تر. تێدەکۆشێ ئێمە لەتوندوتیژی‌و خراپی، لەنەزانی‌و، هەژاری‌و نەخۆشی رزگار بکات.

(ڤێرژیلیۆس فێرم) لەکتێبەکەیدا بەناوونیشانی ئیسکلۆپیدیای زانستی ئاین، لەپێناسەی سیکۆلاریزمدا ئاوا دەنوسێ:

بۆ زۆربەی سیستەمە ئەخلاقی‌و کۆمەڵایەتیەکان بەسودە کە لەپێناو باشکردنی هەلومەرجی ژیانی مرۆڤ دابن، بەبێ پەنابردن بۆ ئاین و تەنها لەرێگەی ئەقلی مرۆڤ و زانست‌و رێکخراوی کۆمەڵایەتی.

سیکۆلاریزم روانگەیەکی پۆزەتیڤە کە بەشێوەیەکی بەهێز قبوڵکراوەو مەبەست لەو بەرێوەبردنی هەموو



چالاکییەکان‌و دامەزراوەکان، بەئامانجی نا ئاینیی‌و لایەنی خێرو بەختەوەری ژیانی دونیاییە.

لەکۆتاییدا (برنارد لویس) چەمکی سیکۆلاریزم ئاوا شیدەکاتەوە: وشەی سیکۆلاریزم سەرەتا لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەزمانی ئینگلیزیدا زیاتروەك ئایدۆلۆژیا بەکارهێنراوە.لەم بەکارهێنانەدا، بەڵگەی لەسەر بیروباوەرێك دەهێنایەوە کە بەو پێیە ئەخلاقیات دەبێ لەسەر تێبینیە ئەخلاقیەکان‌و بەختەوەری دونیایی مرۆڤ رۆبنرێ‌و تێبینیەکانی پەیوەست بەخوداو ژیانی دوایی دەبێ وەلا بنرێ. دواتر "سیکۆلاریزم" بەمانایەکی فراوانتر بەکارهێنرا کە دامەزراوە گشتیەکان، بەتایبەت فێرکردنی گشتی، دەبێ سیکۆلار بێ نەك ئاینی. لەسەدەی بیستەمدا، ئەو ووشەیە مانایەکی فراوانتری وەرگرت، کە لەمانای کۆن‌و نوێی ووشەی سیکۆلار پەیدابووبوو. ئەمرۆ ئەو وشەیە بەزۆری لەگەڵ "جودایی" (دامەزراوە ئاینیی‌و

دەوڵەتیەکان) بەکاردێت، کە نزیکەلە وشەی فەرەنسایی (laicisme) کە چووەتە نێو زمانەکانی تریشەوە، بەڵام ئێستا لەزمانی ئینگلیزیدا بەکار ناهێنرێ. بەپێی ئەو پێناسانە، سیکۆلاریزم فەلسەفەیەکی پۆزەتیڤە کە سەرتاپای خێروبێری ژیانی ئەم دونیایەیە. باشبوونی هەلومەرجی مرۆڤایەتی بەمەسەلەیەکی ماددی دەزانێ ونە روحانی، پێ ی وایە باشترین رێگای گەیشتن بەو خۆشگوزەرانیە خەباتی مرۆڤە، نەك پەرستنی خودایان یان شتی سەروی سروشتی.



# سیکۆلاریزم
# وەك جولانەوەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی
## ( بەفەرمی دانانی چوارچێوەیەکی سەربەخۆ لەئاین )

ئەگەرچی ئەمڕۆ "سیکۆلاریزم" مانای سنوردارتری هەیە، بەڵام لایەنی فەلسەفی خۆی هەروا پاراستووە، بەتایبەت کاتێك لەچوارچێوەی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا دێتە گۆڕێ. لەسەرانسەری مێژووی سیکۆلاریزم، ئەو چەمکە بەتوندی دەربڕی ویستی یەك چوارچێوەی سەربەخۆو خۆکردی سیاسیو کۆمەڵایەتی بووە کە ناتۆرالیست (سروشت گەرا) یا ماتریالیست (مادەگەرا) بێ. قەڵەمڕەوێك کە لەسەروی قەڵەمڕەوی ئاینو بەتاڵ لەبیروباوەڕی سەروی سروشتیو بیروباوەڕی ئاینی بێ.

زۆرتر، لەووڵاتە کریستیانیەکاندا، دەوڵەتیان بەخراپیەکی پێویست (شڕلازم) وێنا دەکرد کە بۆ پایەدارکردنی ئاسایشی گشتی پێویستیمان پێی هەیە. بەگشتی دەوڵەت بەدامەزراوەیەك هەژمار دەکرا کە لەخزمەتی دەستەڵاتدارانی گەندەڵدایەو ڕێ لەخەڵکی دەگرێ ئەرکە گرنگەکانی خۆیان بەرانبەر بەکڵێسا جێبەجێبکەن. بەپێچەوانەی دەوڵەت، کڵێسایان بەدەزگایەکی پیرۆز دەزانی کە دەبێ دەوڵەت سەر بەو بێ. ئەگەرچی دەوڵەت دەتوانێ لێپرسراوی ئاسایش و ئۆقرەیی گشتی بێ، بەڵام لێپرسراوێتیەکی گرنگتر لەئەستۆی کڵێسادایە کە بەرپرسیاری روحی و بەختەوەری رۆژی دوایی خەڵکە.

لەماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا فەیلەسوفان و خواناسان مەیلیان هەبو ئەو بۆچونە ئەگۆستینیە بەرانبەر بەسیاسەت ڕەتبکەنەوە. وردەوردە وێنای دەوڵەت بەناوونیشانی خراپیەکی پێویست،



قبوڵکراویەکەی لەدەست دەدا. بۆ نموونە، تۆماس ئەکویناس، لەگەورەترین خواناسانی کڵێسای کاسۆلیك، نارەزایی دەربری کە دەوڵەت باوەڕپێکراوی خودایە، چونکە کاری دەوڵەت ئەوەیە کە هەلو مەرجی کۆمەڵایەتی پێویست بەشێوەیەك بڕەخسێنێ کە رزگاری رۆژی دوایی مرۆڤ دەستەبەر بکات، بەو پێیە، ئەکوێناسیش دەوڵەتی بەبێ کڵێسا ناسی و کاریگەریەکانی دیکەی ئەوی بەنێگەتیف هەژمار نەکرد.

بەڵام بەهاتنە ئارای ڕێنسانس لەئیتاڵیا، ئەو تێڕوانینە ریفۆڕمکراوەش گۆڕا. ڕێنسانس شۆرشێکی فکریو پراکتیکی بەدی هێنا کە سنورەکەی ووردە ووردە سەرانسەری ئەوروپای گرتەوە. لەهەمان سەرەتای چاخی ڕێنسانس، نووسەرانی وەکو (دانتی) لەو باوەڕەدا بوون کە دەسەڵاتدارانی دونیایی مافی خۆیانەو ئەرکی سەرشانیانە کە بەبێ هەر جۆرە

موحتاجی یان لایەنگری بۆ کڵێسا،حکومەتدا ری بکەن.ئەو بۆچونە تا کۆتایی سەدەی ناوەڕاست سەراپا گیر نەبوو، بەڵام بەتێپەرینی کات، ئەو رێبازە سەرەکیەی فەیلەسوفانی سیاسی رێنسانس، وەکو (ماکیاڤیلی)، لەسەرانسەری ئەوروپادا قبوڵکرا.

بەڵام دابڕانی بنەڕەتی لەرابردوو، بەر ئەنجامی فەیلەسوفانی سیاسەت نەبوو، بەڵکو پەیامی ململانێی نێو خۆی کریستیانیان بوو. باوەڕی باو لەسەر ئەوە بوو کە بیرو باوەڕی کریستیانی دەبێ فەرمانڕەوای کۆمەڵگای مەدەنی بێ. بەڵام ئەو تێڕوانینە لەکاتی جەنگە ئاینیەکانی سەردەمی ریفۆرمی پرۆتستانتی لەنێوچو. لەو سەردەمە پڕ ئاشوبەدا کریستیانیان دەستیان بەکوشتنی کریستیانیان کردو دەوڵەتە کریستیانیەکانیان بۆ جەنگ لەگەڵ دەوڵەتە کریستیانیەکانی تر رۆیشتن. بەڵام بەزوویی خەڵك تێگەیشت کە دەبێ لەنێوان کریستانیەت لەلایەكو



حکومەتو کەلتور لەلایەکی تر جۆرێك لەجیاوازی دابنرێت.

خەڵك بۆ چارەسەری کاروباری کۆمەڵگا رێگایان گرتە بەر کە هەموان دوور لەبیروباوەڕی ئاینیان، کۆکبون لەسەریان. بەو مەبەستە هێندێك پەیوەست بوون بەبیرباوەڕی مافە سروشتیەکان. بیروباوەڕێك کە قەرزاری فەیلەسوفانی رەواقی یۆنانی کۆن بوو، هێزێکی دیکە بەپێشاندانی بۆچوونی دیکە لەکریستیانیەت، بەوێنەی دائیزم لەکاردا بوون. جووڵانەوەی ئومانیزمی رێنسانسیش بەئامادەکردنی دەقو بیرۆکەی یۆنانیانو رۆمانیانی کۆن، رۆڵی گرنگیان لەو بوارەدا گێڕا.

هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نیە کە مەبەستی فەیلەسوفانو سیاسیەکانی ئەو سەردەمە بەدیهێنانی ئەو جۆرە جوداییەی دەوڵەتو کڵێسا بووبێ کە ئەمرۆ لەرۆژئاوادا دەیبینین. بارودۆخی ئەمرۆ بەتەواوی بۆ

خەڵکی سەدەی شانزەهەم نامۆبوو و ئەگەر پێشانیشیان درابا،دووربوو ئەوەیان قبوڵکردبا، چونکە ئەوان لەو باوەڕەدابوون کە بوونی کریستیانیەت بۆ پاراستنی ئەخلاقی خەڵك و وەفاداریان بەرانبەر بەڕابەرانی سیاسی پێویستە. ئەوان بەنیازی دابڕان لەکریستانیەتو وەلاتانی نەبوون، بەڵکو تێگەیشتبوون کە کریستانیەت بنچینەیەکی گونجاوە بۆ دامرکاندنەوەی پێکهەڵپژانو ململانێیە ئاینیو سیاسیەکان. جەنگێك کە وەك تاعونێك کەوتبووە گیانی ئەوروپا. کەواتە ئەوان قەڵمڕەوێکی نوێیان بۆ بیرو کار داوا دەکرد کە بەهاوکاری ئەوە بتوانرێ مەسەلەی سیاسیو کۆمەڵایەتی بەبێ پشت بەستن بەرێبازی ئاینی یان سەرچاوە ئاینیەکان چارەسەر بکرێ.

هەنگاوێکی گرنگ لەو پرۆسەیەدا، پێشنیازی مافە سروشتیەکان بوو لەلایەن بیرمەندانی وەك (هۆبز)و



(گرۆتیوس). (هۆگۆ دۆگۆرت) کەناوی هۆڵەندی ئەو گرۆتیۆسە (مافناسی سەدەی هەڤدەیەم کە شاکارەکەی کتێبی ((لەبارەی قانونی جەنگو ئاشتی یە))، لە گیانی خۆی بوردو کەلتوری توندڕەوانەی ئاینی هۆڵەندی ئەو دەمی خستەبەرلێپرسینەوە، تا بڵێ مرۆڤەکان بەڕاستی ئازادن تا هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بەپێی ئامانجەکانیان بگۆڕن. ئەو گوتی: خەڵك مافیان هەیە کە خۆیان قانونەکانیان دابنێن، ڕێکخراوی سیاسی خۆیان دامەزرێننو پلاندابنێن کە چۆن چۆنی کاروباری سیاسیو کۆمەڵایەتی خۆیان ببوژێننەوە. ئەوە بەو مانایەیە کە مرۆڤەکان بەڕاستی دەتوانن ڕۆڵێکیان لەبەختەوەری خۆیاندا هەبێ - ئەوە جدیترین ئاریشەیەك بوو کە ئەو خستیە پێش دەمی سەختکێشی ئاینی.

بناغەی ئەم فەلسەفەی مافە، ماکی ئازادی مرۆڤ بوو. ئەو ڕوانگەیە چەمکی جیهانگیری (یونیڤێرسال)

(universal)ی بەکارهێنا تا تێڕوانینی نوێ لەبواری سروشتی مرۆڤو دەوڵەت پێشکەش بکات. بەپێچەوانەی رای کڵێسای کاسۆلیك، کە مافی لەسەر بنچینەی بەها سەرو سروشتیەکانو چاودێری ناوەندی ئیمپراتۆری سیاسی دەزانی، روانگەی نوێ پارێزەری سەربەخۆیی گەلانو دەوڵەتانی میللی بووو خەڵکی بەخاوەنی مافی ئۆتۆنۆمیو دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسین دەزانی دوور لەکۆنترۆڵ یان دەستێوەردانی کڵێسا.

لەروانگەی نوێدا، لەدەوڵەتە کریستیانیەکان چاوەڕوان نەدەکرا کە لەسەر هەموو شتێك هاوڕایی هەبێ، بەڵام چاوەڕوان دەکرا کە هەمووان لەهەوڵی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی خۆیاندابن. بەرژەوەندیو ئامانجێك کە سەرانی وڵاتان بەگونجاوی بزانن. بەتێپەڕینی کات ئەو تێڕوانینە، بەجۆرێکی رێژەگەرایی لەبازنەی سیاسیدا بەئەنجام گەیشت کە بەپێی ئەو پلانە سیاسیانە دەبێ لەسەر بنچینەی



دخوازیە ناوچەییەکانو لەبەرچاوگرتنی جیاوازیە کلتوریەکان بێو نەك لەسەر بنچینەی رێسای جیهانگیری.

بەو شێوەیە، ئەو رێژە گەراییە سیاسیە بەتەواوی زاڵ نەبوو، بەڵکو لەجێگەی جیهانگەرایی کریستیانی، شێوازە سیکۆلاریەکان لەبیروباوەڕەکانی جیهانگەرایی سیاسیو کۆمەڵایەتی هاتنە پێشێ. بەپێی ئەو بیروباوەڕە سیکۆلارانە، جیاوازیە کلتورییەکان لەبەرامبەر وێکچوونەکانو یەکتوخمی مرۆڤ بێ بایەخ هەژمار کراون. هەموو مرۆڤەکان، بێ جیاوازی شوێنیان، خاوەنی ئامانجو داخوازی بناغەییو یەکسانانە هەژمار کراون. لەئەنجامدا، ئەو روانگەیە بەگشتی قبوڵکرا کە یەك دەستە رێسای گشتیو جیهانگیری ئابووری، سیاسیو یا عەدالەتی کۆمەڵایەتین کە دەبێ پێوەرێکی داوەری تایبەت بن لەبواری سیستەمەکانی ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتی.

جیهانگیری کریستیانی، کە بەپەیدابوونی ریفۆڕمی پرۆتستانتی بەتوندی لێ ی درابوو. سەرئەنجام بەو ئاریشانەی کە رێژە گەراییو جیهانگیری خستبوویانە بەردەمی لەپێ کەوت. هەم رێژە گەراییو هەم جیهانگیری رەوشتێکی سیکۆلارانەیان هەیە کە نایانەوێ دەوڵەت نەگوێ لەمستی کلێسا بێو نە فەرمانبەری پاسەوان لەبەهاکانی سەرو سروشتی. هەردووکیان لەهەوڵی ئەوەدا بوون کە فەرمیەت ببەخشن بەقەڵەمڕەوی سەربەخۆ بۆ مەعریفە، بەهاکان، و کردەوەکان کە بتوانن تیایدا ئاواتەکانی مرۆڤ لەرێگەی دامەزراوە مرۆڤایەتیەکان بەدەست بهێنن دوور لەکۆتو بەندی مەرجەعیەتی سەراپاگیری (ئۆتۆریتە)ی کلێسا.



## سیکۆلاریزمو سیکۆلاریزاسیۆن
## عەلمانیەتو بەعەلمانیەت کردن
**(وەلانانی ئاین لە پێکهاتە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکاندا)**

ئەگەرچی سیکۆلاریزمو سیکۆلاریزاسیون لەمانادا پەیوەندیەکی نزیکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بەڵام یەك شت نین. جیاوازی نێوان ئەم دوو چەمکە لەوەڵامێکدایە کە بەپرسیار لەرۆڵی ئاین لەکۆمەڵگادا دەدرێتەوە. سیکۆلاریزم داواکاری قەڵەمڕەوێکە بۆ مەعریفە، بەهاکانو کردارەکان کە سەربەخۆ بێ لەباوەڕی سەراپاگیری ئاین، بەڵام رۆڵی ئاین لەکاروباری سیاسیو کۆمەڵایەتیدا رەت ناکاتەوە. کەچی

سیکۆلاریزاسیون بەمانای وەلانانی ئاین دێت لەو چوارچێوانەدا.

لەپرۆسەی سیکۆلاریزاسیوندا، پێکهاتەکان (یان ڕێکخراوەکانو دامەزراوە ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان) لەژێر دەسەڵاتی ئاین دەردەچن. لەپێش سیکۆلاریزاسیۆندا، ئاین بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەسەر ئەو پێکهاتانەدا دەسەڵاتی هەبوو. بۆ نموونە کەشیشان ئەو قوتابخانانەیان بەڕێوە دەبردن کە ئەو کات هەبوون. لەحاڵەتی دەستەڵاتی ناراستەوخۆی ئاین، دابونەریتی ئاینی بناغەی کاروباری ئاینیە. بۆ نموونە کاتێك مافە مەدەنیەکانی تاکەکان لەسەر بنچینەی پێوەرە ئاینیەکان دیاری دەکرێ.

دەسەڵاتی ئاین چ راستەوخۆ بێت چ ناراستەوخۆ، کاتێك دەتوانرێ بگوترێ سیکۆلاریزاسیون رووی داوە کە پێکهاتەکان لەدەستی مەرجەعیەتو دەستەڵاتی



سەراپاگیری ئاین دەرهاتبنو بەهێزی سیاسی سپێردرابن، یان ئەوەی دەستەڵاتی ئاین بەسەر پێکهاتەکانەوە چاودێری بکرێت. ئەو پرۆسەیە دەرفەت بەتاکەکان دەدات کە لەمەرجەعە ئاینیەکان رزگار بن ـ ئیدی پێویست نەکات لەدەرەوەی چوارچێوەی کڵێسا یان مزگەوت یان پەرستگا سەر بەمەرجەعیەتو هێزی ئاین ببن.

پەیامێکی بەکردەوەی سیکۆلاریزاسیون، جودایی کڵێساو دەوڵەتە لەراستیدا ئەو پەیامە هێندە بیرهێنەرەوەی سیکۆلاریزاسیونە کە بەزۆری ئەو دووانە بەیەك دەرکەوتە هەژمار دەکرێن، بەزۆری لەجێگای "سیکۆلاریزاسیون" قسە لە"جودایی کڵێساو دەوڵەت" دەکرێ. بەڵام دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە سیکۆلاریزاسیون پرۆسەیەکی چەند رووە کە لەنێو کۆمەڵدا شکڵ دەگرێ، لەدۆخێکدا کە جودایی ئاینو دەوڵەت لایەنێکی سیاسی ئەو پرۆسەیەیە.

جوداكردنەوەی ئاینو دەوڵەت لەسیكۆلاریزاسیوندا بەو مانایەیە كە دامەزراوە تایبەتیە سیاسیەكان، كە بەپلەی جۆراو جۆر لەژێر كۆنترۆڵی دەوڵەت دان. لەدەستەڵاتی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ئاین ئازادبن. ئەوە بەو مانایە نییە كە لەدوای سیكۆلاریزاسیون دامەزراوە ئاینیەكان ئیدی ناتوانن لەبارەی كاروباری گشتیو سیاسی قسەیەك بكەن، بەڵكو بەو مانایەیە كە بۆچونە ئاینیەكان ئیدی نابێ بەسەر كۆمەڵگادا بسەپێنرێن، وە یان بەسەر بینای سیاسیەتی گشتیەوە خۆبسەپێنن. دەوڵەت دەبێ بەكردەوە تاسنوری توانا بەرانبەر بەبیرو باوەڕە جۆر بەجۆرو جیاوازەكانی ئاین بێ لایەن بێ، نە رێگری ئەوان بێو نەجێبەجێكەری فەرمانەكانیان.

ئەگەرچی پرۆسەی سیكۆلاریزاسیون دەتوانێ بەئارامیو ئاشتیانە پێشبكەوێت، بەڵام لەراستیدا بەزۆری ئاوا نەبووە. مێژوو پێشانی دەدا كە مەرجەعە



ئاینیەكان كە دەستەڵاتی ماددیان هەبووە، ئەو دەستەڵاتەیان بەبێ بەرگری تەسلیم بەدەوڵەتی سیكۆلار نەكردووە. بەتایبەت كاتێك ئەو مەرجەعانە پەیوەندیەكی توندو تۆڵیان لەگەڵ هێزە پارێزگارە سیاسییەكان هەبووە، ئەو بەرگریە توندتر بووە. لەئەنجامدا، سیكۆلاریزاسیون، بەزۆری لەگەڵ شۆرشە سیاسییەكان هاوجووت بووە. لەفەرەنسا كڵێساو دەوڵەت دوای شۆرشی خوێناوی لێكجودابوونەوە، لەئەمریكادا ئەو جودابونەوەیە ئاشتیانە تر بوو، بەڵام تەنها دوای شۆرشو دروست بوونی دەوڵەتی نوێ ئەوە هاتە دی.

هەڵبەت مەبەستەكانی سیكۆلاریزم هەروا بێ لایەنانە نەبووە. هیچ كاتێك پێویست نیە كە سیكۆلاریزم دژی ئاین بێ. لەگەڵ ئەوەشدا سیكۆلاریزم بەزۆری پارێزەرو هاندەری پرۆسەی سیكۆلاریزاسیون بووە. كەسێك كە پارێزەری سیكۆلاریزم بێ بەلانی

کەمەوە بوونی قەڵەمڕەوێکی زیاتر لەئاین بەپێویست دەزانێ، بەڵام ئەگەرێکی بەهێزتر ئەوەیە کە کەسێکی ئاوا، بەلانی کەمەوە لەکاروباری دیاری کراوی کۆمەڵایەتیدا، لەو باوەڕەشدابێ کە قەڵەمڕەوی سیکۆلار بەباشتر بزانێ.

لەبەرئەوە، جیاوازی سیکۆلاریزمو سیکۆلاریزاسیون ئەوەیە کە سیکۆلاریزم زیاتر لەیەك بابەتی فەلسەفیە لەبواری چلۆنایەتی کاروباردا، بەڵام سیکۆلاریزاسیون، هەوڵێکە بۆ دەکارکردنی ئەو فەلسەفەیە- هەوڵێك کە لەکاتی پێویستدا پەنا بۆ هێزیش دەبا. لەکۆمەڵگای سیکۆلاردا دامو دەزگاکانی ئاینی بێدەنگ ناکرێ. ئەو دەزگایانە هەروەها دەتوانن بەئاشکرا لەبواری کاروباری گشتیدا رای خۆیان بڵێن بەڵام ئیمتیازاتو قۆرخکاریان نامێنێو مەرجەعیەتو هێزی ئەوان بەتەواوی لەچوارچێوەی تایبەتیدا سنووردار دەکرێ: کەسانێك



کە بەپێی بەها ئاینیەکان دەژین، ئەو شێوە ژیانە بەئازادی هەڵدەبژێرن، بەبێ ئەوەی لەلایەن دەوڵەتەوە هانبدرێن یان تەنبێ بکرێن.

# ئاین لەکۆمەڵگای سیکۆلاردا

## ( ئاین دەتوانێ چ رۆلێك یان چ پلەو پایەیەکی هەبێ؟ )

ئەگەر سیکۆلاریزم لەئامادەبوونی مەرجەعە روحانیەکان لەچوارچێوەی گشتیو مەدەنیدا ناڕازی بێ، لەیەك کۆمەڵگای سیکۆلاردا چ رۆڵێك بۆ ئاین دەمێنێتەوە؟ ئایا وا بڕیارە بەشێوەیەکی لەسەرخۆ ئاین لاواز بکرێو لەگۆڕەپانەکە دەربکرێ؟ ئایا وەك نەریتێکی نامۆو بێ نرخی میراتی کەلتوری هەڵدەوەرێ؟ ئەوانە نیگەرانی ناحەزانی سیکۆلاریزمو سیکۆلاریزاسیونن. ئەوان ناڕەزایی دەردەبڕن کە ئاین لەوە گرنگترە کە بەو شێوەیە لەنێو گەردوون وەدەربنرێ.



لێرەدا سەرنج بەخاڵێکی گرنگو بنچینەیی دەبێ بدرێ. زۆرجار گوێمان لێدەبێت یان دەخوێنینەوە کە سیکۆلاران دەیانەوێ ئاین لەژیانی (گشتی) وەدەرنێنو ئەوان لەژیانی (تایبەتی)دا ئابلۆقە بدەن. وەکو بڵێی کە سیکۆلاران دەیانەوێ هیچ کەس لەنێو ئاپۆرەی گشتیدا قسە لەئاین نەکات. ئەگەر چی دەکرێ هێندێك سیکۆلار ئەو جۆرە باوەڕەیان هەبێ، بەڵام لێکدانەوەیەکی ئاوا بەو هۆیەوەیە کە جیاوازی لەنیوان کاروباری (تایبەتی)و (گشتی) زیاتر لەمانایەکیان هەیە.

لەروانگەی سیکۆلارانەوە (تایبەتی) بوون بەهەمان مانای (تایبەتی) بوونی باری ژمێریاری تاکەکان کە لەبانکەکانداهەیانە، نیە.لەبواری (گشتی)دا هەروەها سیکۆلاران ئەو بەمانای (پارێزراوو خاوەن ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی بوون) بەکار دێنن. بەو شێوەیە حەزکردن

بەوەلانانی ئاین لە(ژیانی گشتی)دا بەمانای شاردنەوەی ئاین نیە لەبەرچاوی گشتی. بەڵکو بەمانای لابردنی پارێزگاری گشتی(دەوڵەت)ە لەئاین کەواتە تایبەتمەندی ئاین، بەمانای سڕینەوەی ئاین نیە، بەڵکو کردنیەتی بەکارێکی کەسیو کارێکی بەرەغبەت.

کەواتە دەبینین کە رەوتی سیکۆلاریزاسیون یا فەلسەفەی سیکۆلاریزاسیون بەهیچ جۆرێك ئاین ناچاربە مەرگ ناکات. سیکۆلاران لەبواری رۆڵی گونجاوی ئاین لەکۆمەڵگادا، بۆچوونو نرخاندنی جۆراو جۆریان هەیە، هێندێك بەتوندی لەو باوەڕەدان کە شەڕی ئاین لەخێرەکەی زۆرترە. ئەو گروپە هیوایان بەلەناوچوونی وردە وردەی ئاین هەیە. بەڵام زۆریان بەپاراستنی رۆڵی ئاین لەژیانی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی بڕواداران خۆشحاڵن. تەنانەت هێندێك لەسیکۆلاران دامەزراوە خێریەکانی ئاینو هەوڵەکانی ئەو



دامەزراوانە بۆ کەمکردنەوەی هەژاریو رەنجی مرۆڤ دەپارێزن.

ئەگەر ئاین لەکۆمەڵگای سیکۆلار لاواز بێ چارەنووسێك کە بەتەواوی ئەگەری هەیە - نابێ هۆکارەکەی راستەوخۆ بخرێتە ملی سیکۆلاریزمو سیکۆلاریزاسیۆنەوە. ئەو دووانە تەنها دەکرێ هۆکاری هەلومەرجێك بن کە دەبێتە هۆی نا هۆگری خەڵك بەرانبەر بەئاین. لەکۆمەڵگایەکی ناسیکۆلاردا، خەڵك بەختێکی کەمیان هەیە کە خۆیان لەئاین بدزنەوە یان ئاین وەلانێن ئەوجۆرە خەڵکە روولەهەر کوێ بکەن یان لەژێر دەستەڵاتی رابەرانی ئاینیدان، یان دەبێ سەر بە نەریتو کەلتورە ئاینیەکان بن کە سەرانسەری ژیانیانی کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام لەکۆمەڵگایەکی سیکۆلاردا، دەرباز بوون لەدەستەڵاتی ئاینو رابەرانی ئاینی ئیمکانی هەیە. هیچ کەس ناچار ناکرێ کە سەر بەئاین یان بەهاکانی ئاینی بێت، مەگەر کە خۆی

پەیڕەوی کردنی لەئاین هەلبژاردبێ. ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك پەیڕەوی کردنیان لەئایین هەڵنەبژێرن، ڕێکخستنی ئاینی بەهۆی کەمبوونەوەی ئەندامانیانو داهاتیان لاواز دەبێ. هەڵبەتە ڕابەرانی ئاینی بەتەواوی هەقیان هەیە کە لەئەگەری ڕوودانی ئەو دۆخە ناخۆشحاڵبن، بەڵام دژایەتی سەرکردە ئاینیەکان بەرانبەر سیکۆلارانو سیکۆلاریزاسیون دوو هەڵە دەگرێتەخۆ. هەڵەی یەکەم ئەوەیە کە، ئەوان لێپرسراوێتی گرفتێکی ئاوا دەخەنە ئۆباڵی سیکۆلاران. ئەوان لەجیاتی هێرش کردنە سەر سیکۆلاران کە بۆچی ڕێگەی خەڵکیان داوە ئاین واز لێبێنن، دەبێ بزانن کە بۆچی خەڵك لەئاین ڕوو وەردەگێڕن.

هەڵەی دووەم ئەوەیە کە، هەر کۆششێك بۆ هێرش بۆ سەر سیکۆلاریزم لەبناغەدا نیشانەی قبولکردنی ئەو بابەتەیە کە سەرپەرشتیارانی ئاین بەتەواوی بەپشتبەستن بەهەڵبژاردنی تاکەکان، تایبەتمەندیو



مافی هەڵبژاردنی خەڵك، لەتوانایاندانیە سەرنجیان ڕابکێشنو بیانپارێزن. ئەو بابەتە دەتوانێ بەتەواوی ڕاست بێ، بەڵام قبولّ کردنی ئەوە بۆ ئاینداران وێرانکەرە ـ هەر چەندە کە واپێدەچێ هێشتا ڕابەرانی ئاینی دوژمنی سیکۆلاریزم هەستیان بەو خاڵە نەکردبێ. ئەوان، لەسەر بنچینەی بەڵگەکان، لەتێگەیشتنی ئەو خاڵە سەر وەردەگێڕن کە ئاینییێك بەپاراستن یان ناچارکردن بەسەر خەڵکدا دەسەپێنرێ بێ نرخە. ئەگەر ڕابەرانی ئاینی لەڕاستیدا لەو باوەڕە دابن کە هێزو ناچارکردن تەنها ڕێگا چارەی ئاینیە، ئەو کاتە قبولیان کردووە کە ئاین لەخۆیدا بێ نرخە ـ وە ئەو ڕایەی سیکۆلاران پەسند دەکەن کە دەڵێ بۆ بەختەوەری گشتی پەنا بۆ ئاین بردن هەرگیز پێویست نیە.

# رەخنەگرانی سیکۆلاریزم

## (بۆچی هەمووان سیکۆلاریزمیان خۆشناوێ؟)

پێویست بەگوتن ناکات کە هەموان سیکۆلاریزم بەپێویست نازانن. تەنانەت لەئەمرۆشدا کەسانێك هەن کە نەتەنها سیکۆلاریزم‌و سیکۆلاریزاسیون بۆ کۆمەڵگا بەسود نازانن، بەڵکو بەڵگە دەهێننەوە کە سیکۆلاریزم سەرچاوەی هەموو نەخۆشیەکانی کۆمەڵگایە. بەبڕوای ئەوان، رەتکردنەوەی سیکۆلاریزم‌و قبوڵکردنی بنچینەیەکی ئاینی بۆ سیاسەت‌و کەلتور بەرەو کۆمەڵگایەکی پایەدارتر، ئەخلاقی تر، وە لەکۆتاییدا سیستەمێکی باشتری کۆمەڵگا دەڕوات. بەڵام ئایا رەخنەگرانی سیکۆلاریزم راست دەڵێن؟



یەکێك لەبەرەواجترین رەخنەکانی سەر سیکۆلاریزم وەك فەلسەفە، رەخنەیە لەپێداگرتنی سیکۆلاریزم لەسەر ژیانی دونیایی لەجێگەی ژیانی دوایی یان بەختیاری گیانی مرۆڤ. بەپێی رێبازی سیکۆلاران، کردارو بیروباوەڕی ئێمە دەبێ زیاترو گرنگتر لەهەر شتێك لەسەر بناغەی پەیامی زیندووو هەنوکەیی ئەو کارانە بۆ ژیانی خۆمان‌و مرۆڤانی تر بێ.

سیکۆلاران بەزەرورەت نەسەلمێنی بوونی ژیانی سەروی ژیانی ماددی نین، بەڵام لەو باوەڕەدان ئەگەری بوونی ژیانی دووایی نابێ بەپێدانی پلەو پایەی قۆرخکاری بەئاین بکەوێتەوە. دەڵێن وای دابنێین ژیانی دوایی بوونی هەبێ لەبەر ئەوەی لەسەر شێوەو شێوازی گەیشتن بەبەختەوەری دوایی هاوڕایی بوونی نییە، نابێت هیچ شێوازێکی تایبەت بەباشتر لەشێوازەکانی تر دابنرێ. چونکە ئێمە لەبنەڕەتدا ناتوانین لەو بوارەدا رێکبکەوین کە ئایا لەبنەچەدا

خودا، روح، بەهەشت، یان ژیانی دوایی بوونیان هەیە یان نەء؟، وە ئەگەر بوونیان هەیە بەختەوەری دوایی پابەندی چ بەشێکی ژیانی دونیایی یە، کەواتە کاروباری سەروی سروشتی ناتوانێ، ئەنگێزەی کردارەکانو باوەڕەکانی ئەقڵانی ئێمە بێ.

هەڵبەت ئەو تێڕوانینە بەتەواوی پێچەوانەی بیروباوەڕی زۆر لەئاینەکانی جیهانە. ئاینەکانیش لایەنگری باشبوونی ژیانی مرۆڤن بەڵام لایەنگریان زۆر جیاوازترە لەلایەنگری سیکۆلار. ماکی نیگەرانی ئاینەکان، چارەنوسی رۆح، کردەوەی خۆمان، یان گەوهەری نا ماددی دیکەیە کە ئەولاتر لەبوونی ماددی ئێمە بیردەکەنەوە. لەبەر ئەوە ئەنگیزە دونیاییو ماددیەکان بەناتەواوو تەنانەت نەگونجاو دەزانن چونکە بەپێی باوەڕی ئاینی، کاروباری دونیایی ئامانجێکی راست نیە بۆ ژیان.



رەخنەگرانی سیکۆلاریزم لەو خاڵەدا چ لەسەر هەق بن چ بەهەڵەدا چووبن، ئەوە رەخنەیەکی بەویژدانانەیە لەسیکۆلاریزم وەك فەلسەفەیەکی شەخسی. بەڵام کاتێك کە سیکۆلاریزم وەك فەلسەفەیەکی سیاسی لەبەر چاو دەگرین، و سیکۆلاریزاسیۆن بەپرۆسەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی بزانین، ئەو رەخنەیە ئیدی بەویژدانانە نیە. لەبەرئەوە بەکارهێنانی ئەو ئەگەرە کە بیروباوەڕی ئاینێك راست بێ، دەستەڵاتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی رێبازی ئەو ئاینە بەسەر هەموو هاوڵاتیاندا پیادە ناکات.

دەشێ خەڵکی بڕیار بدەن کە لەژیانی کەسی خۆیاندا سیکۆلار نەبن، وە تەنانەت دەشێ ئەو هەڵبژاردنە راستو دروست بێ، بەڵام خۆیان دەبێ ئەو

بۆچوونە هەڵبژێرن، نەك كەسانی دیكە لەجیاتی ئەوان ئەو بڕیارە بدەن.

سیكۆلاریزم وەك فەلسەفەیەكی كەسی. دەستێوەردانی مەوجوداتێك یان بەهاكانی سەرو سروشتی لەژیانی تاكەكاندا رەتدەكاتەوە، بەڵام سیكۆلاریزم وەك فەلسەفەیەكی سیاسیو كۆمەڵایەتی تەنها دەستێوەردانی مەوجودات یان بەهاكانی سەرو سروشتی لەقەڵەمڕەوو ژیانی كۆمەڵایەتیدا رەتدەكاتەوە.

رەخنەیەكی تر لەسیكۆلاریزم كە پەوەندیەكی زۆر نزیكی بەرەخنەی پێشووەوە هەیە، ئەوەیە كە سیكۆلاریزم ناتوانێ بناغەیەكی پتەو بۆ رەوشت بڕەخسێنێ. بەگوتەی رەخنەگرانێك كە ئەو كەمو كۆڕیانە دێننە گۆڕێ، رەوشت پێویستی بەقبوڵكردنی رێباز یان بەها سەرو سروشتیە، هەتاییو رەهاییەكانەو



فەلسەفەی ماتریالیستی یان دونیایی ناتوانێ رێبازێكی ئاوا دابین بكات. كاتێك كە سیستەمە سیاسیو كۆمەڵایەتیەكان لەرێبازو بەهای ئاوا روو وەربگێڕن، لەقەڵەمڕەوی رەوشتیشدا ووشەیەكیان بۆ گوتن نیە. وە سیستەمی كۆمەڵایەتی بەتاڵ لەرەوشت بەرەوبێ سەروبەرەیی، گەندەڵی، بێ بەندو باریو داوەشان دەڕوات.

كێشەی بنەڕەتی ئەو رەخنەیە ئەوەیە كە گریمانەی زۆر دەكات كە ناتوانرێ راستو دروستیان بسەلمێنرێ. ئەگەر خودا بوونی هەبێ، ئگەر بەها سەرو سروشتیەكان بوونیان هەبێ، ئەگەر ئەو بەهایانە بۆ پاراستنی رەوشت پێویست بن، وە ئەگەر فەلسەفەی ماتریالیستی نەتوانێ بناغەیەك بۆ رەوشت بڕەخسێنێو زۆر لەگریمانەی تر كە ڕاستو دروستیان جێگای پرسیارە، ئەو دەم ئەو رەخنەیە دەتوانێ هەبێ. بەداخەوە، هەر یەكێك لەو گریمانانە دەكرێ سوكو

ئاسان هەڵە دەربچن. وە بەڵگەی بەهێزمان هەیە تا بڵێین کە زۆر لەو گریمانانە لەڕاستیدا هەڵەن. بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ڕەخنەیە بەسە پێشاندەین کە یەکێك لەگریمانکراوان هەڵەیە. لێرەدا زۆر لەو گریمانکراوانە جێگەی گومانن، خودی ڕەخنەکە لەباشترین حاڵەتدا جێگەی گومانە.

کێشەیەکی دیکەی ئەو ڕەخنەیە ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر قبوڵبکەین کە هەموو گریمانکراوەکانیان بەمانایەکی گشتی ڕاستن، چۆن دەتوانین قبوڵی بکەین کە بەمانای تایبەتیش هەر ڕاستن؟ بەدەربڕینێکی سادەتر، ئێمە ناتوانین بوونی خودایەکی گشتیو بەها سەرو سروشتیە گشتییەکان قبوڵبکەین. بەڵکو دەبێ بوونی خودایەکی تایبەتی، بەها تایبەتیەکانو سیستەمی ڕەوشتی تایبەت قبوڵبکەین. بەڵام کام ڕێبازی بیروباوەڕ دەبێ قبوڵبکەینو وەك بناغەی سیستەمی کۆمەڵایەتیو سیاسی بەکاری بهێنین،



بەشێوەیەك کە بۆ کەسانێك کە خودای دیکەو ڕێبازی ئاینی دیکەیان هەیە شیاوی جێبەجێکردن بێ؟ ئەگەر نەکرێ وەڵامێکی ڕاست بەو پرسیارە بدرێتەوە، ئەوکاتە بۆ کۆمەڵگایەکی ئازادو فرەلایەن، قبوڵکردنی سکیۆلاریزمێك کە بەرانبەر بە داواکاریە تایبەتیەکانی ئاینەکان بێ لایەن بێ، ڕەواج پەیدادەکات. چونکە سکیۆلاریزم هیچ سیستەمێکی ئاینی تایبەت قبوڵناکات، پێشی ناخات، وە بەسەر هەمواندا نایسەپێنێ.

لەکۆتاییدا، ڕەخنەیەکی لاوازی دیکە کە دێتەگۆڕێ ئەوەیە کە پرۆسەی سکیۆلاریزاسیون وا پێویست دەکات کە خەڵکی لەڕیشە ئاینیو کلتوریەکانی خۆی نامۆبێ. بەگشتی ئەو ڕەخنەیە لەلایەن کریستیانیانی پارێزگارەوە دەگیرێ، بەڵام موسڵمانانو جولەکەکانی پارێزگار هەروەها ڕەخنەیان لەسیکۆلاریزم گرتووە. بەڕای ئەوان، نەمانی دەستەڵاتی ئاین لەکۆمەڵگای

سیکۆلاردا دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵك کەمتر دەرفەت بهێنن تا نەریتی ئاینیو فێرکاری فێربن کە میراتی کەلتوریانە.

ئەو بەلگەهێنانەوەیە سەرنجڕاکێشە، بەڵام بێ کەڵکە. راستە ئەمریکایی یانی ئەمڕۆ زۆر کەمتر لەئەمریکایی یانی سەدەی نۆزدەهەم لەبارەی کریستیانیەتەوە دەزانن. ئەو بابەتە لەگۆشەنیگای فێرکاریەوە جێگەی داخە، بەڵام ناتوانرێ بەیەك بەلگەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی هەژمار بکرێ. خەڵکی لەمێژووی یۆنانی کۆنو سیاسەتو کەلتوری رۆمی هەروا کەمتر لەڕابردوو دەزانن ـ کەلتورێك کە بێگومان رۆڵێکی گرنگی لەشکلگرتنی سەرجەم کەلتوری رۆژاوادا هەبووە. ئەو نەزانینە خەفەتبارە، بەڵام نابێتە بەلگەی ئەوەی کە بەها ئاینیەکانی یۆنانی یا رۆمی بهێنینە نێو سیستەمی سیاسی یان دامەزراوە کەلتوریەکانی خۆمان.



نەبوونی زانیاری لای خەڵك لەسەر مێژووی کریستیانیەتو نەریتەکانی ئەوانیش بەهەمان ئەندازە خەفەتبارە، نە زیاتر.

هەڵبەتە رابەرانی پارێزگاری ئاینی بەو وەڵامە رازینین. ئامانجی ئەوانیش پێشکەوتنی سیستەمی ئاینیانە، بە راکێشانی پەیڕەوانی نوێو بەهاندانی پەیڕەوانی ئێستا بۆ وەفاداری زیاتر. کاتێك گەورە پیاوانی ئاین دەسەڵات بەسەر دەوڵەتو هەروەها دەسەڵات بەسەر کەلتوردا لەدەست دەدەن، بە دەستهێنانی ئەو ئامانجانە هەرچی زۆرتر قورستر دەبێ. کاتێك کە بڕیاربێ وەك یەك حەریف بەرامبەر بە ئاینەکانی دیکەو فەلسەفەکان بەربەرەکانێ بکەن، ئەگەری زاڵبونی تەواویان زۆر کەمتر دەبێ. ئاساییە ئەوان بە دۆخێکی ئاوا رازی نین. بەڵام لەکۆمەڵگای سیکۆلاردا لەوبارەوە هیچیان لەدەست نایەت. ئەگەر داخوازی بۆ بیرو باوەڕەکەیان هەبێ، تەنها بەهۆی

سەرنجڕاکێشی خودی ئەو بیروباوەڕەیە لەلای تاکەکانی جەماوەر. کاتێك کە رابەرانی ئاینی داوای هاوکاری لەدەوڵەت یان کەلتور دەکەن، لەبنەڕەتڕا قبوڵیانە کە بیروباوەڕەکەیان بە تاكو تەنها بەڕاکێشانی گوێگرجێبەجێناکرێ.

لەراستیدا هیچ هەڵەیەك لەو داواکاریەدا نیە کە خەڵك نابێ سیکۆلاریزمیان وەك فەلسەفەیەکی شەخسی قبوڵبێ - لەبازاڕی بیروباوەڕاندا، ئامادەیی روانگە جۆراوجۆرەکانو رکابەرەکان دەستکەوتێکە، بەڵام تەنها ئەو فەلسەفانە دەتوانن بەڕاستیو ڕاستگۆیی خوازیاری وەلانانی سیکۆلاریزم بن وەك مەیدانێکی گشتی ململانێی ئاینەکانو خەریکی سەرنج راکێشانی هاوڵاتیان بن کە بەدوای دەستبەسەراگرتنی کۆمەڵو پەکخستنی ئەو بازاڕەوەن.



## سەرچاوە:

سایتی:کتابناکی فارسی
www.ketabnak.com

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ | ٥ |
| پوختە | ٩ |
| پێناسەی سیکۆلاریزم | ١٣ |
| ریشـەکانی سـیکۆلاریزم لەبەرهەمـەکانی جـۆرج یاکوب هالی ئۆکدا | ١٤ |
| ریشە ئاینیەکانی سیکۆلاریزم | ١٩ |
| ســیکۆلاریزم وەك شــانازی بــاوەڕو ئــەزمونی کریستیانی | ١٩ |
| سیکۆلاریزم وەك فەلسەفە | ٢٨ |
| ســیکۆلاریزم وەك جولأنەوەیــەکی سیاســیو کۆمەلأیەتی ... | ٣٤ |
| سیکۆلاریزمو سیکۆلاریزاسیۆن | ٤٤ |
| ئاین لەکۆمەلگای سیکۆلاردا | ٥١ |
| رەخنەگرانی سیکۆلاریزم | ٥٧ |

# زنجیرەکانی هۆشیاری

| ز. بڵاوکراوەکان | ز. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | نووسینی:<br>عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان ـ سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فريد اسسرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئیسلام‌و مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | ن. محمد ڕەزا شالگونی<br>و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سیاسەتی رووخساری نەتەوەیی کەرکوک | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ١٨ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ١٩ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرک | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨ | ٢ | بەشداریکردنی سیاسی | عابد خالد رەسول | ٢٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠ | | | ١١ |
| ٣٨٢ | ٢١ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | ٢٢ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | ٢٣ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |

## لەبڵاوكراوەكانی
## ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران
## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ژ | ناوی بڵاوكراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي — دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی كۆنگرەی رووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئایین و دەسەڵات | هاشم كەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | رەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٢ | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانییەت و ئایین، عەقڵ و | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | شـــەريعەت، كـــوردو ميـــدياى عەرەبى | | |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | كوردەكـــان و مـــافى چـارەى خۆنووســين زنجيرەى هۆشـيارى ، ژمـارە (١) | ئيسماعيل بيشكچي<br>و. رەوا حاجى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سيستمى سياسى سويسرا<br>زنجيرەى هۆشيارى ، ژمارە (٢) | خەليل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئـاين و دەوڵـەت لەميسـرى سەردەمى محەمەد عەلى پاشادا<br>زنجيرەى هۆشيارى ، ژمارە (٣) | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤارى كەلتور | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | رۆژنامـەى كـوردى گۆڤـارى هـەولێر سـاڵى (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەكردنى:<br>د. هيمدادى حوسێن | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٠ | ناوچە جێناكۆكەكان، ئاينـدەو ئاسـۆكانى چارەســەر، زنجـيرەى هۆشيارى ، ژمارە (٤) | تەحسين ناميق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبكردن و بەجولەكەكردن ، زنجيرەى هۆشيارى، ژمارە (٥) | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئاين و ئازادى بيرورا<br>زنجيرەى هۆشيارى ، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونيف<br>و: عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چييە...؟<br>زنجيرەى هۆشيارى، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست ڕينان<br>و. كاميل محمد قەرەداغى | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسـيزم و سـەركوتكردنى ژيان | راميار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپينۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمين شوانى | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووى سەرهەڵدان و پێكهاتەو ئەركەكانى | ئامادەكردنى<br>عادل عەلى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەوبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>سالّح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسية:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانییەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە ، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حسن ساكر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی<br>فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاریخ الفکر الکردی | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علی | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | ڕۆژنامەنووسی کوردی لە<br>کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-<br>٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو<br>هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین<br>لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا<br>(١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی ڕووخساری<br>نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | ژ. ز. هۆشاری (١٧) | | |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ<br>ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی<br>ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی<br>دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی<br>عەلی حەمە بۆر | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١١ |